# بریسكەی شین

دەمەو ئێـوارەیەكی درەنگوەخـت.. پڕوشـەی گلێـرە بەفرەكـانی پـێش دابـارین، نـابین بە دییەكانـــت شـــل و شـــاوانە لەهەنـــاوی ئاســـمانەوە دادەكەونە سەرپشـــتی گەڕەكە لاكەوتەكەتـان... كـۆڵان بەچەشـنی چۆڵەوارێـك خـۆی دەنوێنـێت، وەك ئەوەی هەرگیـز خەڵقنـدەو فرنـدەو پێـڕۆیەك پێیـدا تێـپەڕ نەبووبێـت.. هەمـوو شـتێك بەرلەوەی بەر نەعـرەتەی سـەرمابكەوێت خـۆی ترنجانـدووەتە لانەو پەنـاو پەسـیوێك.. تـازەكی چاوەكانـت هەڵێنـاوە.. كشـش و مـات لەسـەر قەرەوێـڵەیەك نیـوە مـردوو ڕاكشـێندراویت، نازانیـت مـاوەی چەنـدێكە وەهـا بـێ بـزوان و هەسـت و خوسـت لەبـان ئەم ئاسـنەوە جێهێڵـدراویت.. سـتونی چـوار دیـــواری قەبە دایـــانبڕیبووی لە دونیـــای دەرەوە و كەیلـــی دڵبەنـــدییە خەمناكەكەتیـــان كردبـــووی.. ئەوەنـــدەیان كـــوێرە مســـت وەشـــاندووەتە ســـەرو كەلـــلەت، تەڵخنـــاك شـــت بەدیـدەكەیت.. خـاڵگەلی ڕەش لێنەبـڕاوانە وەكـو كوپێـك شـیری داخ هەلـدەڕژێنە سـەربینایی چـاوە ئەسـرین تێزاوەكانـت.. دەسـت بـۆ سـەرت دەبەیـت.. لەپـت دەكەوێـت بەسـەر پانتـاییەك لە قەتمـاخی ئەسـتوور.. سـەرتاپای جەسـتەی هـاڕدراوت پـارچەیەكی پـاوانكراوە لەئـازار، لە تەوقـی تەوێڵـتەوە بـۆ سـەر ئێسـكی كەمەربەنـدەكانت وانـازانی بەشـێكن لەتـۆ.. هاكـا لە حەژمەتـی ژانە كوشـندەكەت لە هەنـدامانت جیـابوونەوە، لە مـورەغەی پشتیشـتەوە بـۆ ژێـر پێیەكانـت تەواو سـڕبوون.. بەڵام نەخێـر هەرگیـز.. تـۆ بڕوامەنـدی نـا كۆتـات بەمە هەبـوو كە ئەم ژانە پـــروێنەرە جـــگە لە ژانـــی نـــاو دڵە وابەســـتەكەت چیتـــر نیـــیە.. لەم ئاقـــارە قـــاقرەدا دەمێـك بـوو قیـژە و هـاوارت گیـانەوەر و مەلـی ئەم نـاوەی هەراسـانكردبوو.. یەك چـارەكی مـابوو بـتڵەكە لێكـدا لێكـدا بچێـتە نـاوەوەت.. هێشـتا زمانـت لاڵ بـوو لەهەمـبەر واژەی دەسـت بەرداربـوون.. نـا چـۆن دەسـتبەرداری دەبیـت.. تـۆ پەیمـانی خـوێنین، ئانـدایەكی فیـداكارانە لە نێوانتاندا هەبوو.. لە پێناوی هاوژینیدا مەرگ ساكارترین كایەیەك بوو لەلات..

لەم تـــامی مەرگەوە لە دەریـــچەی یادەكانـــت ڕۆدەچوویـــت.. چەنـــد جـــار چرپانـــدبووت بەگوێیدا (( هەستدەكەم لە تۆدا فەنابووم )).

ئەویش نا بەدڵانە.. نا حاڵیانە چاوە گەورۆنەكانی لێ هەڵدێنایت.. هەم نەوازشكارانە..

(( ئایییی دە وشە.. تخودای بەسیكە ئەم خۆ شێتكردنە ماڵەكەم )).

کتــوپڕ دەســتیان خســتە ســەر شــانەکانت و پتــر بەرەو خــوار پاڵیانــدایت.. نــاو دڵــت لەگەڵــی خــورپەی کــرد.. بــۆنی مەرگ ڕادەبــووورد بەنــاو کاســەی مێشــکت.. وەک ئەوەی پاشــماوەی زرمەی شەســـت تـــۆپ لەنزیـــک گوێچەکەکانـــت تەقێنرابێـــت، بـــێ هەدادان لە زرینگـــانەوە نەدەکەوتــن.. ئەبروانــت لە خوێنــاوی ســەرو تەوێڵــت شــەلاڵ ببــوون.. ئــا لەدرزی بــرژانگە بەخـــوێن ڕەقبووەکـــانتەوە جەلادێکیانـــت بینـــی.. واهـــی لە تـــارمەی لایتـــی ئۆتـــۆمبێلەکەوە ڕەشـــناک و نـــاڕوون دەردەکەوت وەک لە وێـــنەی تارمـــاییەکی ڕەش بکـــات.. بەرزنـــاک بەســـەرتدا دەیشـــیڕاند.. کە گـــوایە بێکەســـکوژت دەکـــا و لەم چـــۆڵەوانییە ســـەگتۆپت دەکـــا.. پەنــجەی لەقەد پەلا پیــتکەی تفەنــگەکە.. ســێرەی ڕێــک بەرامــبەر روخســارت جێگیرکردبــوو.. خــوێن ســاردبوویت.. حەزتــدەکردن زەردەیەکــی بــۆ بکەیــت.. بێباکــانە حەزتــدەکرد.. وەلــێ لەوە بێتوانــاتر بوویــت.. لەم خەرابــاتەوە.. ڕۆحــت هەڵیــدەگرتی ڕووەو دیــدارەکانی ڕووە و گفــت و لــوتفە شــەککەرینەکانی.. ڕووە و ئەم دەمەوئێــوارانەی کە بە شــێنەیی دەســتگری یەکـدەبوون و تەماشـای خۆرنشـینتان دەکـرد.. گـوڵی لێـوە پـڕو ئاڵەکـانی لە گـوێچکەو لاملـت نزیــک دەخســتەوە.. هەســتت بە تەڕی و گەرم و گــوڕی لێــوانی دەکــرد کەدەهــاتە گــۆکردن..
(( دیسان دەتەوێت خۆرم پێ ئاوابکەیت... هاا )).
ســەری دەخســتەوە سەرشــانەکانت و تەبــاری قــژە خــاوەکەی داپۆشــەر و تەسەلابەخشــت بــوون.. بوونــت سەراســیمەی شــەپۆلە بــێ دواییەکــانی موچڕکانــدن دەبــوو.. نەشــئەی لەزەت و شــادانییەکی بــێ مەودا، نــاوەوەتی پڕاوپــڕ دەکــرد لەخــۆی.. مەرامــدارانە لەبەرخــۆتەوە دەتبڵماند (( تارام.. ئاخر هیچ هێزێک ناگاتەوە بەهێزی شەیدایی )).
زیـــتەڵانە ســـەری هەڵـــدەگرت لەســـەر شـــانەکانت..برۆکانی گرژدەبـــوون.. حەپەســـاو کونپشکنانە لەچاوانت ڕادەما..
(( تێناگەمممم )).
(( یــانی دەڵــێم کەســێک هەر ئەوەنــدە بەســە شــەیدابێت و بتوانێــت چــۆک بەهەمــوو هێزەکــانی ئازار و ترس و مەرگدا بدات )).
نــابەدڵانە ڕووی وەردەچەرخانــد.. ســاتێک نیگــا حەشــەرییەکانی دەگــرتە کەلێکــی خۆرنشــینە بێ تـین و تـوانەکە.. ئەمجـا ئـاوڕی لێـدەدایتەوە و بە بزەیەکـی زێـدە شـیرینەوە گـوڵی پەیڤـین بەسەر زاریەوە شکۆفەی دەکرد..
(( ئهممم.. مەگەر لە فیلمی هۆلیۆد و حیکایەتی پەرتوکان.. بەڵێ )).

زارترەک بووی، نەتدەزانی چی پێبڵێیت، ئاخر ئەوین لەلای تۆ گەوهەرێک بوو.. گەوهەرێک خاڵی لەبانگەشە.. خاڵی لە دروشمی پڕوپووچ.. بەدوور لە سەرجەم کەوشەنەکانی وەسف و دەربڕین... لە پڕ زرچەی قۆنداخی تفەنگەکە ڕوخساری ئاگردایت.. هەستت بە خرچەی درزبردنی کرکڕاگەو ئێسکەیلی سیمات دەکرد.. دەستبەجێ خوێن لەدەم و لوتت چۆڕاوگەی بەست.. قورس هەناسەت بۆ دەدرا.. واتدەزانی ئەوە دواهەمینی نەفەسەکانتە هەڵیدەمژیت.. هۆشت بە بەرەوە نەما.. نەتدەویست لەم چۆڵەوانییە شەیداکوژت بکەن.. دەتویست پێش ئەم مەرگە داسەپاوە بگەیتەوە بە دیدەنییەکی دیکەی لەیلەکەت.. ئاخر پەنجە لە گۆ خراوەکانت هێشتاکێ بۆن نێرگزی قژی ئەویان بەرنەدابوو.. هێشتا ئەم پشکۆ هەڵایساوەی سینەی گڕگرتووت لەقەدی گێلاسەکانیدا ڕەنگی فێنکی نەچنیبوویەوە.. تۆ نەتدەزانی هەڵواسرانت بەم میحرابی میحنەتەوە دانەوەی باجی کامە گوناهی بەر لەخۆرهەڵاتن بوو، لێ چاک دەتزانی کە لەوێنەی جەنگاوەرێکی تێکشکێنراو دەچوویت کە لە جەنگەکانی نامورادیدا کامەرانی دۆڕاندبێت و ڕادەست نەبوونی بردبێتەوە..

تینوێتییەکی عەزیەتکێش دەم و قورگتی کردووە بە پەلاس، وەک ئەوەی بەسەر قەڵەوێرەکەوە لەخاچ درابیت.. پڕکێشی ئەوەناکەیت دەست بگەیەنیتە سوراحییە ئاوەکەی سەرمێزەکەو قەبرەغەی دەمت لەخاپەرۆکی ورتکە چەو و پنتکە هەویر و خوێنە لکاوەکان ڕادەیتە خوارەوە.. گونکە هەویرەکە لەزارتدا ترشاوە ئێستا.. تەڕدەستانە ئاخنییە زارت و ڕۆیشت.. لە دوێنێشەوە خۆی کوتاوەتە ئەم ژوورەی بەرامبەرت و دەرگەکەی بەسەرخۆیدا کڵۆم داوە.. ئەم دیوەی دیکەی دەرگەکە کپە.. بێ هەست و خوستی تێرژاوە.. تەنێ هەندێکجار دەنگی نامۆ دەژنەفتی.. لەپاڵ ڕیتمی گڤڤەو شەقەو زرمەو تەپەی سامناکانەی جووت پێ! لەناو گێژاوی ئەو دەنگ گەلە عەجایەبانە دەنگە کەرخ و نیمچە نوساوەکەی دایکت دەناسیتەوە، مژوڵی عەزیمە خوێندنە.. بە چی زمانێک کەوتووەتە قسەو باس لەچی دەکات لەوەیان ناحاڵیت.. یەکەم جاربوو ببینیت دایکت وەها بەپەرۆشە بۆت.. لەم ساتەی تۆی بینی بەچواردەستەو نیوەهۆشکراو فرێدرایتەوە حەوشەکە.. یەخەی خۆی دڕی.. سینەی خۆی دەکوتی.. بەئەسپایی لە ئەرزەکە هامێزی تێوەرێنایت و بە واوەیلاو فیغانەوە بردیتییەوە ژوورەوە.. هێشتا لەسینەی نەترازابوویت بۆنی تۆڵەت دەکرد.. تورەییەکی قوڵی بێ بن لە بوونییەوە تاف تاف سەری دەکرد.. بە

تەرزێکـی ئەوتـۆ ئەژدیهـای تۆڵەسـێنی داشـۆڕابوویە نـاو شـادەمار و کونیلکەکـانی جەسـتەی، لە حەیبەتـدا ئینجێکـی نەمـابوو بە لەرزە لەرز نەکەوتبێـت.. نێوانیشـت لەگەڵـی سـەیربوو، یەکـدیتان خۆشدەویسـت بەڵام هـیچ یەکێکتـان بەدەم دەرتـان نەدەبـڕی.. نەتانـدەتوانی.. هەمیشە شەرمت کردووە ماچی بکەیت ئەویش هەروا نەیکردوویت.

لەناکاوێـک دەورانـی ڕەشـابەیەکی هـاج خـۆی دەکێشـێ بەپەنـجەرەی تەنیشـت قەرەوێـڵەکەت.. ڕادەچڵەکیـت.. لەگەڵیـدا سـەرنجت دەچێـتە سـەر ئەم تـرس و قەهـرە نـاقۆلایەی لەدڵـت بـاربوو.. تـرس لەخـۆت نـا.. خـۆت زەمەنـێکە بەر زەجـری نەفـرەت کەوتوویـت.. لەوە دەترسـیت شـتێک بەسـەر تـارا بهێـنن، تـارای حەسـرەتی شـیرین و کـامی دڵـت.. تـارای یەکەم خولیـا و کۆتـا ئاواتـت.. هەر ئەوبـوو دڵارامـی غەریبیتـی دەدایەوە.. لەم کـۆلانی پڕاوپـڕ لەجـوێن و خـوێن و تـف بـاران و چەقـۆ وەشـێنی و بچـم تەقانـدنەدا.. تەنهـا خەنـدەی لێـوە نـازک و سـوورباوەکانی ئەوبـوون مانایـان دەکـردەوە بەرجـوانی.. تەنهـا ڕووخۆشـی حەنینـانەی ئەوبـوو لـوتفی کردگـاری بۆتـۆی عەزرەتـی تەجەلـلا دەکـرد، زنـجە ڕەش داگەڕاوەکـانی نـاختی ڕۆشـندەکردەوە.. نەیدەهێشـت کـونجی عوزلەتێـک لەخۆیـدا وشـکت بکـات.. دێـتەوە یـادت هـا ئەو ڕۆژگـارانەی کە گۆشەنشـینانە دەبـوویتەوە بە دەروێشـی پەرتوکەکانـت چ حەشـرێکی پێتـدەکرد، پاشـان ئەهـوەن دەبـوویەوە لێـت و بەسـۆزەوە نەوازشی دەکردیت..

(( وشـیار گیـان دە تخـوا ئەوەنـدە خـۆت لەمـاڵەوە گیـرمەدە بـاوانم.. خـاس نیـیە بەقوربـان.. وەرە دەرەوە بـای باڵـت بـدە.. پیاسـەیەک بـکە هاوڕێیەکـت ببینـە.. ئـێ عەزیـزم پیـاو وەک ئـێمە نییە، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت دادەڕمێ هەرلەماڵەوە بێت )).

ئیتـر تـازە کـێ لەتـلان و ژان و هەرەسـی تـۆ دەپرسـێ کـێ.. کـێ بەدیـیەی سـۆزداری مشـتێک لەعـاجزی و مەلولییەکانـت ڕادەمـاڵێ.. کـێ بـێ بەدڵ سـڵاو لەتـۆی پەژمـووردەو ڕەنجـاو بکـات.. کـێ لەژێـر پەردەی نازوعیشـوەدا شـەڕت پێبفرۆشـێت.. نـاز بەسـەر شـاهی تۆشـدا بکات...

(( ژەهرە.. بڵێ دڵت لێم پیسکردووە ها ))

(( نا بەچاوی تۆ ))

(( زەقن باشە.. دڵ پیس ))

(( کیژێ ده دڵم پێتەوەیە نەک دڵم لێت پیس بێت ))

(( دەردە.. پاساو مەدۆزەوە ))

(( دە ئاخر بێ لەچک ئاگر بەردەدەیتە گیانی ئەو خەڵکە ))

(( ویشش... زۆرزان بۆ تۆ دائیرەی هەریقی گیانی خەڵکیشیت وا نەمانزانیووە ))

زۆرجـــار هەر لەڕووی شـــۆخی و مەزاقەوە عـــاجزت دەکـــرد، ئـــاخر شـــەیدای تووڕەبـــوون و قسە ڕەقەکانیشی ببووی

(( بە میوانت بمم ))

(( میوانی چی ))

(( میوانی دڵت.. پێتخۆش نییە ))

(( نا ))

(( دەنا بەتەمام هەڵتگرم ))

(( سندانە باشە.. بەس ئازابە سەردڵم بگری ئیش و کارت نیە ئەتو ))

(( هۆ کیژە جوان وەرە و ڕەدووم کەوە، دەتبەم بۆ ئەو هەردو کێوە ))

(( زەقنە.. ورچە بەتەنها بڕۆ بۆخۆت ))

(( نە بابە.. ئاخر بڕۆم لەوێ دڵ دەدەمە خانمە ورچێک هااا ))

(( پیففف چەند ئاقڵی.. منت گەلێک حەساندووەتەوە ئەوجا نۆرەی ورچی داماوە! ))

ئـــاخۆ ئەبێـــت ئێســـتا پەریە نـــازدارەکەت پـــرچە ئـــاڵتونییەکەی لە مســـتی کـــامە جەللادیـــان ســـەندەم کرابێـــت.. چییـــان بەســـەرهێنابێت.. نـــا.. دەربەســـتی خـــۆت نایەیـــت.. دەڕۆی ڕزگـــاری دەکەیـــت.. خـــۆت کـــۆدەکەیتەوە.. ســـەکەت بوویـــت، ناتوانیـــت.. تینوتـــوان دەدەیەوە بەخـــۆت.. نـــا شـــنگ کەوتەبوویـــت، هەم دیســـان ناتوانیـــت.. چەنـــد کەڕەتـــی دیـــکە هەوڵـــدەدەیت.. ناتوانیـــت و ناکاریـــت؛ لەوە بێهێزترکراویـــت بتوانیـــت ســـنووری ئەم قەڕەوێـــڵە نەفـــرەتییە ببڕیـــت.. دواجـــار

بەدەمدا دەکەویتە سەر فەرشەکەو خوێنێکی تاڵ ناودەمت گەرم دەکاتەوە.. لەهەناوتەوە هۆقەی هێڵنجێک شالاوی بۆ گونتکە هەویرەکە بردو فرێیدایە دەرەوە.. لەئەڵهای بێ دەسەلاتی و بێ پشتی خۆت؛ لەپرمەی گریانتدا.. کەنفتانە لەسەر ئەم زەویە سارد و سڕە کەوتوویت.. هەنسک هەڵدەدەیت.. نە خوشکێکی جگەرسۆز نە برایەکی دڵنەرمت بوو.. نەختێک ژیرت بکەنەوەو میهربنوێنن.. نە باوکەت بینیووە لەچێوەی وێنە هەڵواسراوەکەویەوە نەبێت.. نە پوور و خاڵ و مام و بۆرە خزمێکی ئەوتۆ.. بیرتە دەورانی منداڵی تارا زوو زووە بەد نیهادانە دەیدا بەگوێتدا کە ئێوە هیچ میوانتان نایەت، بەڵام ماڵی ئەوان جمەی دەهات لە زاق و زیقی منداڵگەلی ئەو میوانانەی کە تارایان لێت دەڕفاند و لەحەوشە پێکەوە یارییان دەکرد.. تۆش لەم دیوەی دیکەی دیواری حەوشەکەیانەوە دەوەستایت و گوێبیستی مەزاق و هەلاوهەنگامەیان دەبوویت، ئیرەییت پێیاندەبرد.. سەیرت بە تارا دەهات بۆچی هەرکاتێک ئەم منداڵانەی خزمیان دەهاتن تۆی لە بیردەچوویەوە و دەگۆڕا.. ئەمە گرێیەکی قورس و سەرسامکەر بوو لە دڵە چکۆلانەکەی ئەوساتدا.. ئای چەندە داخداربوویت لەم میوانە نا جسنانەیان.. ڕازیش نەدەبووی ئاوا بە بەرچاوی تۆوە بۆخۆیان یاری و کەیفکەن و تۆ پێک نەکەن.. ناچار گۆبەندی گەورە گەورەت ساز دەدا؛ قوتوویەکت لێوڕێژ دەکرد لە میز، چوار پێنج دانە هەرمێت لە درەختەیلی حەوشەکەتان ڕادەکێشاو یەک یەک لەناو قوتووەکە دەتخوساندن و بۆ منداڵەکانت دەبرد.. لەگەڵ یەکەم قەپاڵ بە ڕشانەوە دەکەوتن.. هەندێکجاریش چەند جورجێکی خۆتت لە چالایی باخچەکەتان دەردەهێنا.. لەسەر دەرگەکەیانەوە هەڵتدەدانە ژوورەوە و قیامەتت هەڵدەستاند.. تارا بەپرتاو و شڵەژاوانە، ڕاکە ڕاک خۆی دەگەیاندەوە بنەبان و دەیزریکاند

(( ئەرێ دایە وشگووە وازمان لێناهێنی ناااا.. وەرە بزانە چی کردووە، دە وەرااا ))

بەرلەوەی خۆت دەربازبکەیت هەندێک جار گوێت لێدەبوو دایکی پڕ بەقورگی دەینەڕاند

(( قەسەم بە هەر سی جوزمەی لەقورعانێدا؛ بێم ئیلا دەبی سەر و چوارپەلی لە قوزی داکە قەحپەکەی بنێمەوە )).

کوایت پاڵەوانەکەی زەمەنی منداڵی و نسکۆ پێهێندراوەکەی تافی گەورەساڵیت کوایت.. ئەوە تۆی وەها تەرم ئاسایی تەپ و تل کەوتوویت.. شکستەباڵ و ئەستۆشکاو.. کۆستکەوتە.. بوویتە دیلی قەرەوێڵەیەک.. ناهەقت نییە.. ئاخر تۆ دەمێک بوو

دەســـبەرداری ئەو زمـــانە ببـــووی کە ئەم دوو قاچـــانە پێـــیەوە شـــەڕی شـــەڕەف و تۆڵەیـــان دەکـرد.. هەمــان منـداڵە هاروهــاجەکەی جـاران نیـت.. ڕۆیشـت.. ئـاوابوو.. ئەو منـداڵەی جـاران چـــوار گەڕەک دادو بـــێ دادی بـــوو بەدەســـت کەتنبـــازی و بلعاتەکـــانییەوە.. ئەو منـــداڵەی کە نەک هەر تەنهـــا هاوتەمەنەکـــانی بەڵکـــو زراڤترەکانیشـــی چاوشـــکاو و گـــوێ لەمســـتی خـــۆی کردبـــوو.. تێکـــڕا بە هەیبەتـــی پیـــرە ســـوڵتانێک لێیانـــدەڕوانی.. ئەو منـــداڵەی ئەهریمەنێـــک لەنـاوەوەی لە لـرفە دابـوو.. ئیبلیسـێکی چکـۆلانە بـووی.. دەبـووایە نیوەڕۆیـان زیـت و وریـا خـۆت لەژێـر سـەرچەفەکەی دایکـت بکێشـیتەوە و هەم ئـاگەداری پێڵـوی چاوەکـانی بیـت کە سـوکە خەوێکیـان لەخۆگرتبـوو نەکـا لەپـڕ بکـرێنەوە.. ئـاخر ڕقـت لەخەوتـن بـوو.. هەرگیـز ڕووی نەدا پـاش نیـوەڕۆیەک بە ڕێکەوتـیش بێـت بتوانیـت بخەویـت.. دایـکەی دامـاویش لەپـاڵ خـۆی زەفتـی دەکـردی بـۆ ئەوەی بتخـاتە قـۆزاخەی غـورابی خەوێـکەوە، لـێ لەبـری ئەوە.. تـۆ دایـــکەت خـــافڵخەو دەکـــردو لێـــی دەردەچوویـــت.. بەچـــرقەی گەرمـــا وەردەبـــوویتە نـــاو کۆلانەکـــان و لەشـــێوەی تـــۆپەڵە ئـــاگرێکی نەســـرەوتە تـــاکە نەعلـــت بـــۆ لقـــی دار پرتەقـــاڵ و هەرمـــێ و مێوەکـــان عەوا دەدا.. کـــوچکە بەردت دەگـــرتە شوشـــە پەنـــجەرەی مـــالان.. وەک هــارە پشــیلۆکەیەک بە ســەربانەکاندا هەڵــدەگەڕایت.. ڕەشــکاو و ســیاناوی زێرابانــت دەکــردە نــاو تــانکی ئــاو خواردنەوەیــان.. وایەری لامپــای ســێنی ســەحنەکانیانت قــوت دەکــرد.. شــینە بەڵغەمـت دەتفانـدە نـاو کـوپەو شـەربەکانیان.. شـەرمەزاریت.. ڕەنگـت دەپەڕێـت.. ڕادەچڵەکیـت بە تەوژمـــی ئەم یـــادەی.. کە چەقـــۆیەکی کـــولی داخکـــراوت دەچزانـــدە کلکـــی پشـــیلەو ســـەگە زامـــدارەکان و کوشـــندانە داغانـــت دەکـــردن.. گیانـــت خەریـــکە دەڕشـــێتەوە.. دارێکـــی تیـــژت دەپەســـتایە پاشـــەڵی نێـــرەکەر و مـــاکەرە بەرەڵلاکـــان و تـــا هەترەشـــیان دەچـــوو لەخۆیـــان هەڵـدەدا و بەرزنـاک دەیانشـیراند.. تـۆش لەگەڵ پۆلێـک منـداڵی پـارچەڵەی ئیبلیسـزادە.. زێـدە گوشـــاد بە دیارییـــانەوە لە ئەڵهـــای تریقـــانەوە و چەپڵەکـــوتێ بـــوون.. مـــووی دەســـت و باســـکەکانت ڕەپ و قیـــت خۆیـــان کێڵـــدەکەنەوە.. ئەرەقێکـــی ســـارد لە ویـــژدانتەوە ســـەر دەردەکـــاو زەنگـــۆڵ زەنگـــۆڵ بە تەوێڵتـــدا جـــۆگەلە دەبەســـتێت.. منـــداڵییەکی نەفامـــانە بـــوو.. هەراشـــتربوویت.. لەوە گەیشـــتی کە شـــەڕی ئەم حەشـــاماتی مەردومە بەتـــۆ هەڵناســـوڕێت.. تـــۆ لە بەرەبەیـــانی بەر لە دەســـتپێکردنی ئەم جەنـــگە ناگەهـــانە پاشەکشـــەتکرد.. بـــۆیە خـــۆت و پرێســـکەیەک پەرتـــووک.. بـــۆ ئەبەد پشـــتت لە مەیـــدانەکانی ئەم پێکـــدا پـــژانە کـــرد.. گەڕی ژانێکـــی کوشـــندە پـــێچ و لـــول لەجەســـتەت ســـەرهەڵدەداتەوە و ئەڵـــقەی کۆمـــت پـــیس

دەچـوزێنێتەوە، هەردەڵێـی بەگـوێزانی کـول لێوارەکـانی شــەقاردەکەن، دەنرکێنــی.. نـاوە نـاوە ئەم ژانە دێـتەوە گیانـت و زیـاتر سـەکەتت دەکـا.. لـێ بەسـەر پشـتدا خـۆت لە بـان قەرەوێڵـکە بینیــیەوە! نــازانی کــێ.. چــۆن.. کەی.. تــۆی لە ئەرزەکە هەڵگرتــووەتەوە.. هۆشفشــەڵ و ســەرنج کوێربوویــت.. وا بە ئاســتەم گوێــت لەنەوای بــاییکە کە مــرواریییە بەفریلەکــان لێکـدا لێکــدا هەڵدەلوشـــێت و بەلاکانـــدا ڕایاندەوەشـــێنێت.. خـــۆ دایکیشـــت هێشـــتا لەژوورەکە نەهــــــاتووەتە دەرەوە.. لەپەنــــــجەرەکەوە تەڵخبینــــــی.. لەوســـــــاوە مریشکەکانیشـــــی دانەکــــردووەتەوە کولانەکانییــــان.. هاکــــا ســــەرمابردە بــــوون.. دەســــتێکی میهرەبــــان قــــۆڵی چەپەتــــی گرتــــووە ناوێریــــت ڕووو وەرچەرخێنیــــت.. ڕاتــــدەژەنێت.. هەر زاتــــت نەکــــرد سەیربکەیت...

(( تارا قوربانت بێت.. بۆ وایانلێکردوویت.. ))

دەنگێـک.. سـەدایەک.. کانیـاوێکی سـازگار بـۆ گوێیەکـانی دڵ ، شـەونمێکی فێنـک بـۆ ڕۆحـی کەسـیرەبووت.. دڵـت نەدەهـات پێـی بڵێـی بـراو ئامۆزاکانـت.. نیگـای چـاوە سـەوزەکانی.. نـاو دڵیــــان بە هەژان دەخســــتی.. ڕامابوویــــت لێــــی.. بە لــــۆکەیەکی دیتــــۆڵاوییەوە مژوڵــــی ســـاڕێژکردنی زامەکانــت بــوو.. دڵخــۆش و سەراســیمە ببــوی.. گوێــت لە دەنگــی هەناســە گەرمەکەی بــوو.. بــۆنی لامــل و قــژە پــڕو پەخشــانەکەی.. نــاو لــوت و قــوڕگ و ســییەکانتی پــڕاو پــڕ دەکــرد لە گــوڵاوێکی گیــانڕفێن .. کەس ئەم بــۆنەی لێنەدەهــات.. بــۆ ئەبەدیــش کەس ئەم بۆنەی ئەوی لێ نەهاتەوە.. گەرم ببوویت.. کەللە مەست و تامەزرۆ بوویت..

(( با وام لێبکەن قەینا.. باکم نییە پێیان.. با وام لێبکەن ))

دەســــتی لە کــــێم و زوون پــــاککردنەوەت هەڵــــدەگرت.. لای دەکــــردەوە لێــــت.. پــــاش ئەوەی بەســــەر دەســــتەکانی ئەرەقــــی لاجــــانگی دەســــریەوە بەزارقورســــیەوە مەکــــرو ســــەنگینییەکەوە سەرزەنشتی دەکردی..

(( دەرد باش.. شێت و شەوار.. بۆ واتلێبکەن دەستیان وردبێت.. ))

(( دەردیشت هەر دەرمانمە))

بەدەنگێکی نیمچە کەرخ و نوساوەوە دەپەیڤا

(( تێکچوویت بەجارێک تەواو ))

(( زۆرت حەزلێیە ئا.. ))

که پێڵووەکانـت هەڵـدەهێنی وێـنەی دەرگە داخـراوەکەی دایکـت تـاکە وێـنەی بەربینـاییتە، نـا تەوەهــومتکردووە.. زینــدەخەو هەڵیگرتوویــت.. لێــیەگەڕێ بــا هەر نەیەتەدەرەوە ئەویــش کەمی پێتنەکرد..

(( هەر جەنـابی نـا موبارەکـت بـوو توشـی ئەو مەنـگەنەو سەرشـۆڕییەی کـردین، دانەکەسـای هەتـا بـووینە سـینەمەی دەرک و کۆرانـان.. بێنـت هـات هـا ئێسـتا.. سـەرکز.. ئەوجـا سـبیانێ هەر سـەگ و سـواری ئەولاو لای خەنـی دەبـن هنـدی بنیشـتی چاوشـکان و حەیـاچوونی مە لە دەوان بجـون.. ئەگەرنـا ئۆنـدەی کـردم و کۆشـام.. چەنـد پێتمگـۆت؛ کـوڕێ کەرێ ئەوانە بەرەبـابی ئەسـوەد حەشاشـینە لە دەرحەقییـان نـاییین بـابێ مـن.. کـاچێ مـن، گێـت نەدامـێ.. دەبخـۆ هەقە مسـتت بیـتن تەفنیشـیان کـردی .. هەگـرەوە لۆخـۆت... قـابیلتە سـەد ئۆنـدەت قابیلە.. کا لە کێ سەریان گۆشاوگۆش ببڕیبای کوڕێ من.. ))

کە گوێـت لەم جنێـو و تـانەو تەشـەرانەی دایکـت دەبـوو.. زێـدە پەسـت و تـوڕە دەبـووی.. دەسـەڵاتت نەبـوو.. چیـت پێـدەکرا.. چیـت بـۆ دەوتـرا.. بەس دەتویسـت نەختێـک بێـدەنگ بێـت و دانیشێت.. نا ئەو نەیدەبڕیەوە سەر لەنوێ کوڵی قسەکردنی بەردەبوویەوە...
(( کـورە وشـیار لە تـوو وابـی دێـڵەی بە بـاکەتی دێـت تیمـارت دەکـا هـا بابـانکۆر.. هەش بە سـەری و سـەگ و سـەگبابییەکە هەر لـۆ مـنە لـۆ کەسـیدکە نیـیە.. دەبـا بـێ.. کیـژی داک ڕاقیسـەی.. لە کێـیە لـۆ نـایێ چاوپـان.. یـان بە فیتـی بـن سـوتایەکە و داکە خـوێڕییەکەی ئاوەها لە خوێناوییان وەرینای... ))
سـێڵاوی گریـانێکی پەنگخـواردو تونـد ئەوکتـی گرتبـوو.. تـاراکەت تـاکە پیـرۆزی تـۆ بـوو.. یەکەم و کۆتـا ئـارەزووی شـیرینت بـوو.. چـی پـێ دەڵێـت دایـکە.. دەتویسـت زارهەڵێنـی و بە تونــدی وەڵامــی بــدەیتەوە.. هەر زوو پەلامــاری دایــت و نەیهێشــت دەمبجوڵێنیــت.. لەلاوە دانەویـیەوە و بەزەبـر ئەنگوتکێـک هەویـری پەسـتایە زارت و دەمبەسـت بوویـت.. بە پەنـجەی هەڵشـەقاوەوە چـاوی لێـت سـوور کـردەوە.. (( فێرنەبـی زمانـت بـگەڕێ بەرامـبەری مـن هـااا ئەدەبخـانە.. هێسـتری گـاڕانێ.. خـۆت لێکردبـوومە لاس و فەرهـادۆک هـا .. چمـا نەمـدەزانی ئەوهـا لە تـڕێ سـەت دەبەن.. لەگێـی گـای نوسـتیمە ئەمـن هـااا.. لە مەزەنـدەت وابـی ئاگـام لەو هێن و منهێنەت نییە بیژی باب )).

زۆرجـار ئەندێشـەی ئەوەت دەکـرد  ڕۆژێـک بێـت لەتەک پەریـیەکەت سـەرهەڵگریت بـۆ ئەبەد دایکـی وەهـا بەدیـار ئەم قـاپ و فەخفـوری و لـێفە ئاوریشـمیانەوە جێبهێڵیـت کە هەڵیگرتـووە بـــۆ ئەو میوانـــانەی هەرگیـــز ســـۆراخیان نیـــیە و نەبـــووە.. ئەو میـــوانە عەدەمییـــانەی لە وەهــمەوە دەهــاتن و تۆیــان ســەرما بــردەڵە دەکــرد و خۆیشــیان دەترنجانــدە ژێــر پــێخەفە قەشـەنگەکان.. ئەم میـوانە نە ناسـراوانەی لە فەخفـوری بریسـکەداری نقێمکـار.. بەکەوچکـی زیــوڕێژکراو نانیانــدەخوارد.. تــۆش لە دەفرێکــی شــکاوی لــکە.. یــان لە لەگەنە پــۆخڵەکە.. بەچنگەکانـت دەکەوتیـتە سـەر چێشـتەکە.. بەزەییـت پێیـدا هـاتەوە دەسـتبەجێ لە تەونـی ئەم خـایەلانە دێیـتە دەرەوە.. ئـێ بـۆ پەسـتت دەکـا تـاکو ناچاربیـت وابیـری لێبکەیـتەوە.. چـاڵی دەمـــت بە هەنـــاوی گڕینـــی چ فڕنێـــک دەزانـــێ ئەو ژنە..  بە دڕدۆنگیشـــەوە بەســـەر قەڕەوێـڵەکەوە جێیهێشـتی.. تەمێکـی تاریـک.. سەرشـار لە تـوڕەیی ئاسـمانی دەروونتـی ڕەشـباوکردبوو.. ناحاڵیبوویـت لە نیـازی.. بەڵام دڵـت هـیچ نوخشـانەی باشـی نەدەگێـڕا.. ماکسـییەکی ڕەشـی تـۆخی پۆشـیبوو.. هەوریيەکـی ڕەشـی قەترانـی لەسـەر ئالانـدبوو.. خێـرا چـووە کـۆڵیتەکە دوو مریشـکی ڕەشـی سـوکە دەسـت پەل بەسـت کـردوو باڵەکـانی لێـک قوفڵـدان و بـردنییە ژوورەوە.. دەرگەکەی کلۆمـدا.. ئەوەی مـایەوە تەنـێ گـارە گـاری دەنگـی ڕەشـە مریشـکەکان و زرمکـوتی دەرگەکەبـوو.. دواتـر ئەوانـیش خـامۆش بـوون و بێـدەنگی ڕسـکایەوە فەزای ماڵەکەتـان.. پـاش قەیرێـک.. تەسـبیحێکی درێـژ.. کە دەنکۆڵەکـانی لەژمـاردن نەدەهـــاتن.. چـــاویلکە چێـــوە گەورۆنەکە و کیســـەیەکی پڕاوپـــڕ لە مـــۆم و بخـــوردی جۆراوجـــۆر.. بەولێکـــی ژەنگـــاری ســـیخناخ بە کـــۆنە پەرتـــوکی تـــۆزدار و پەڕە زەرد.. پێنوسـێکی بـاریکی قامیشـدار.. مـت و مـوروی هەمەڕەنـگ و قەبـارە جـودا.. سـندوقێکی داریـن تـژی لەبتڵـی شوشـەی عەتـر و زەعـفەران و میسـک و ئـاوی موبـارەک.. ڕسـتێک کەڵـبەی گـورگ و چەنـد پـارچەیەک ئێسـکی بـۆیەکراو و هـێلکەی زەخـرەفەدار.. پەڕۆ و شڕوشـیتاڵ و بەیـداخی نـامۆ.. مەقەڵییەکـی ڕەشـداگەڕاو.. هەمـووی بەسـەریەکەوە بەکێشـی ژوورەوە کرد.

نەتزانـی دایکـت چەنـد شـا و پاشـا و دارو دەسـتەی مەحشـەری بـوونەوەری جیهـانەیلی سـوفلی و علـوی و ئەرزی هەیە بانگهێشـتی ئەم ژوورە تـاریکەی کـردووە.. ئەی دایکـت جـادوگەرێکی تۆبەکـار نەبـوو.. وەلـێ هێشـتا کڵـپەی ئەم حەزە ئەهـریمەنییەی بە تەواوی تێـدا دانەمرکـابوویەوە.. ئەهـا لەبیـرتە سـالانە هەمـوو سـەر لەئێـوارانی جەژنـی قوربـان و

نەورۆز.. پـۆل پـۆل کـچە عـازەب و قەیـرە و ژنە بەکـام نە گەیشـتووەکان ڕوویـان تێـدەکرد.. تـاکو قاوەیـان بـۆ بگـرێتەوە و لەپـی دەسـتیان بـۆ بخـوێنێتەوە.. ئەویـش چـاویلکە قەبەکەی لەچـاو دەکـرد و بەفزوڵـی ئەوسـای کە ئەسـتێرە گرەوەیەکـی کـارامە بـوو.. مژوڵـی ئایندەپشـکنی و بەختگرەوەیـی دەبـوو بۆیـان.. یـان ئەو ڕۆژانەی ماڵەکەتـان پـڕ دەبـوو لەخەڵکـی نەدیـتەو نەناسـراو.. هەریەکێکیـان بە مرازێـک تەشـریفیان دەهێنـا.. مـاوە مـاوەش دایکـت کـاخەزێکی پـڕ لەنـاوە سـەمەرەکانی بخـوردی هەڵـدەپێچا و بەسـتەیەک پـارەی دەخسـتە مشـتت و دەینـاردیتە قەیسـەریەکە بـۆلای مەکـوانی عەتـار.. ڕایدەسـپاردیت کە تەنهـا لە لای مەکوانـۆک بیهێنیـت و لای کەسـی دیـکە نەیهێنیـت.. هێشـتەکێ نەچووبـوویتە قوتابخـانە.. نەتـدەزانی چـی لەسـەر کـاخەزەکە نوسـراوە.. مەکـوانی عەتـاڕیش هـیچ خـۆی شـێلو نەدەکـرد هەڵدەسـتا بە ئامـادەکردنی هەمـوو ئەوانەی داواکـراون بەدەم گوتنـەوەی ناوەکانـەوە بـە شێـنەیی سـەرنجی دەدا (( تـورمس.. جـاوی.. شـییح.. فاسـوخ.. کـزبەرە.. یەبـروح.. حەنـزەل.. مەشـەع.. حلتیـت مەحتـون.. سـەزابی تەڕ.. کەرکەش حشـب.. فاسـوخ مەغریبی.. لبان زەکەر.. )).

غـرام بە غـرام کێشـانەی دەکـردن و لەسـکی زەرفەکـانی دەنـان.. ژوانگیرکرانـی تـۆ نەبـووایە چـی بەڵایەک شوشـەی تەوبەی بەم دەشـکاند.. دەرگەکە هەرداخـراوە وەک ئەوەی سـەدکەس لەژوورەوە دەف لێبـدات و تەهلیلەیەکـی سـامناک بەسـترابێت.. دایکـت لەنـاو ئەڵـقەی تەهلـیلەکە قاقـای دەکێشـا و لە قریـوە نەدەکەوت، خەریـک بـوو هـاش و هـوش بنـاخەی ماڵکەتـان لە ڕیشـە هەڵکێشـێت.. کـاس ببـووی دەنگـەگەل هەمـوو سـوچێکی تەنیـووەتەوە، هاکـا زایەڵەی دەنگەکـان تـۆی تواندەوە.. هەڵاو هەنگـامە بە لێشـاو کۆڵانەکەشـی بەخـرۆش خسـتووە.. هـاواری ئـاااااگر لەهەرلایەک بەرزدەبـوویەوە تـارا.. تـارا.. تـارام.. وەک موریـدێک کە جەزبەیەک گیـانی بەخـرۆش هێنابێـت لێـوە ئاوسـاو و تەزیوەکانـت لە ناوهێنـانی نەدەکەوت.. ڕادەپەڕیـت.. نـابینی ئـاگرێکی شـین کۆشـکە فاخرەکەیـان لەباوەشـی خۆیـدا دەسـوتێنێت.. بریسـکەیەکی شـین .. ئـاگرێکی سەرسـامکەر.. نـاوازەییەک کە هـیچ چاوێـک لەمەوبەر نەیبینیبێـت.. شـین شـین وەک ئاسـمانی سـاماڵ.. بریسـکەی پڕشـنگدار سـەراپای ئێـوارەی شـاری شـینباوکردووە.. هـیچ یەکێـک لە هاوشـاریان پڕکێشـی ئەوە نـاکەن لە کۆشـکی شـینە ئـاگر نزیـک ببـنەوە، تـۆ نـاتوانی وەک ئەوان چـاو مـۆڵەق و دەم داچەقیـو ڕابمێنیـت.. حەیـرانەکەت لەوێـیە.. وێـردی تـارا بەسـەر زارتەوە لە

کـــاڵ بــوونەوە ناکەوێــت.. بەدەم وێــردی پیــرۆزتەوە خــۆت دەکەیــت بە نـــاو گــڕی شــیندا.. زایەڵەی ئەم زیکــرە ئــاوێزانی هەمــوو ئاوازەکــانی شــار دەبێــت تارا...تــارا... تــارا... تــارام.. تـــــارا.. تـــــــارام..م.. تـــــــاراا.. تـــــــاراااا تاراااا تارااااا..تار...تا...را...تــــــاااارااارااااااام تــــــااااارااا مممممتااااااراااااام...........................

**یونس تانج**

**٢٠٢٠زایینی.**